https://www.doi.org/10.31918/twejer.1922.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# تایبەتمەندییەکانی ژنانی هەرەشەلێکراو لە شێلتەری سلێمانی:

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە

د. عزالدین عبدالصمد رسول
زانکۆی سەلاحەددین ـ کۆلێژی ئاداب
Izaddin.rasool@su.edu.krd

شیلان عبدالله علی
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
shaltarsul@gmail.com

**پوختە:**

لە کوردستاندا شێڵتەرەکان زیاتر بۆ ئەو ژنانەیە کە هەڕەشەیان لەسەرە یاخود بەرەنگاری توندوتیژی بوونەتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوە لەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی ژنان پەنا بۆ شێڵتەر بەرن وەک شوێنێکی ئارام و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان. ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتییە لە میتۆدی چەندێتی لە ڕێگای ئامرازی پرسیارنامە. هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەش بریتییە لە شێڵتەری سلێمانی. جۆر و قەبارەی نموونەکە بریتییە لە نموونەی ڕووپێوی گشتی، بە قەبارەی (١١٤) کەس و لە توێژینەوەکەدا هەموو ئەو ژنانە وەرگیراون، کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/١٢ تا ٢٠١٨/٣/٨ هانایان بۆ شێڵتەر بردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پەیوەندیی خۆشەویستی، ڕەدووکەوتن، دەستدرێژی سێکسی، جیابوونەوە، جۆرەکانی توندوتیژی، ناپاکیی هاوسەری، بەزۆر بەشوودان، فرەژنی و هەڕەشەکردن هۆکاری سەرەکین کە وا لە ژنانی کوردستان دەکەن لە ماڵەوە ڕابکەن و پەنا بۆ شێڵتەر بەرن تا یەکلایی بوونەوەی کێشەکانیان یاخود چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

**وشە کلیلییەکان:** توندوتیژی، توندوتیژیی خێزانی، ژنانی شێڵتەر

## تایبەتمەندییەکانی ژنانی هەڕەشەلێکراو لە شێڵتەری سلێمانی: توێژینەوەیەکی مەیدانییە

### پێشەکی

لە سەر ئاستی جیهان و کوردستان تاڕادەیەکی زۆر شێڵتەرەکان یاخود سەنتەرەکانی ژنان بۆ مەبەستی یارمەتیدان و لەخۆگرتنی ئەو ژنانە دامەزراون کە هەر جۆرێک توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت، هەڕەشە لەسەر ژیانیان هەیە یاخود بێ جێگان. بۆیە زۆربەی شێڵتەرەکان لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی بەهاناوەچوونی ئەو ژنانە دامەزراون کە لەو ڕێگەیەوە بتوانن ژینگەیەکی ئارامیان بۆ دروست بکەن, لە ڕێگەی پێشەکەشکردنی جۆرەها خزمەتگوزاری، وەک خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، یاسایی، دەروونی، تەندروستی و خولی ڕاهێنان تا بتوانن گرفتەکانیان بۆ چارەسەربکەن و وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی بژین و بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن.

لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکاریکردن لە چەندین یاسادا، بەتایبەتی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە "٨"ی ساڵی ٢٠١١. هەروەها چەندین ڕێکخراوی حکوومی و ناحکوومی ژنان دروست بوون، بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بۆ خزمەتی ژنان دروست بوون و ئامانجیان بەرەوپێشبردنی دۆزی ژنان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژنانە لە کوردستاندا. یەکێک لە کارەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان دامەزراندنی سەنتەر یاخود شێڵتەر بوو بۆ ئەو ژنانەی کە لەژێر هەڕەشەدان یاخود توندوتیژییان بەرانبەر کراوە، بەڵام زۆربەیان داخران ئینجا لەبەر هۆکاری نەبوونی متمانە بێت، یا نەبوونی ستافی پرۆفیشناڵ یاخود هەر هۆکارێکی تر. هەندێکجار سەیری بزووتنەوە شێڵتەرییەکان دەکرێت وەک وەڵامێک بۆ گرفتی توندوتیژی، نەک وەک هەنگاوێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی ( Weiner, 1991).

گرفتی توندوتیژیی خێزانی لە کۆمەڵگەی باوکسالاری پەیوەندی بە پێگەی ژنان و کەموکورتی لە ڕۆڵدا هەیە. ژنان تەنیا بەرەنگاری توندوتیژیی خێزانی نابنەوە، بەڵکو بەرەنگاری نەگونجان یاخود نزمی ئاستی خوێندەواری، جیاکاری لە شوێنی کارکردن و هەژاری دەبنەوە (Diner and Toktas, 2013). هەرچەندە زۆربەی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت داوای یارمەتی لە حکوومەت ناکەن یاخود توندوتیژییەکان تۆمار ناکرێن لەبەر چەندین هۆکار (Barrett & Pierre, 2011).

لەم توێژینەوەیەدا باس لە تایبەتمەندییەکانی ژنانی هەڕەشەلێکراو لە شێڵتەری سلێمانی دەکەین. لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی ژنان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان هانا بۆ شێڵتەر بەرن.

## مێژووی دروستکردنی شێڵتەر لە کوردستاندا

لە کوردستاندا دوو جۆر لە شێڵتەر هەن یاخود دوو لایەن شێڵتەر بەڕێوەدەبەن: حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکان. هەرچەندە مێژووی شێڵتەر لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩. لە ساڵی ٢٠٠٩، شێڵتەر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دووبارە کرانەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەتتر لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی دەکرێن. بۆ ئەم مەبەستە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی لە ساڵی(٢٠١٤)ی تایبەت بەماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو و ڕەشنووسی کارکردنی شێڵتەرەکانی دەرکردووە.

پێش ساڵی ١٩٨٠، تا ڕادەیەکی زۆر کەم گرنگی بە ژنانی بێلانە دەدرا (Arrighi, 1997). لە ساڵی ١٩٩٨، پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا لەسەر مافی ژنان بڕیاریدا پێویستە بۆ هەر٧،٥٠٠ ژنێک شێڵتەرێک هەبێت. لەگەڵ ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لەسەر ئاستی جیهان شێڵتەر یاخود سەنتەری زۆر بۆ ژنان کراوەنەتەوە، بەڵام تا ئێستا لە ئاستی پێویست نییە ( Diner and Toktas, 2013). لە کوردستانیش هەمان گرفتمان هەیە لەبەرئەوەی شێڵتەرەکان تەنیا لە

شاره گەورەکاندا هەیە و تەنانەت لە گەرمیان، تەنیا مانەوە تیایدا بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێرە و دواتر ئەگەر گرفتی کەیسەکە چارەسەر نەبوو ئەوا دەنێردرێت بۆ شێڵتەری سلێمانی. زۆرجاریش ئەو ماوەیە بۆ کەیسەکە درێژ دەکرێتەوە لەبەرئەوەی خەرجی هاتووچۆیان نییە. ئەو شێڵتەرانە تاڕادەیەک لە ئاستی پێویستدا نین, ئینجا بەهۆی نەبوونی بینایەی تایبەت بێت، یاخود پسپۆڕ یان شوێنی تایبەت کە گونجاوبێت بۆ ژنان و ئەو کاتەی لەوێ دەمێننەوە سوودمەند بێت بۆیان تا ئەو ڕادەیەی، کە چوونە دەرەوە بۆچوونیان ئەرێنی بێت لەسەر ئەو شارەزاییەی کە لە شێڵتەرەکە بەدەستیان هێناوە ( Diner and Toktas, 2013).

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

لەم تەوەرەدا باس لە گرفت، گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەکەین:

١,١ پرسی توێژینەوەکە: لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حکوومەت و ڕێکخراوەکانی ژنان لە شارەکان پەناگە یاخود شێڵتەریان بۆ ئەو ژنانە کردەوە کە توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: لەبەرچی هەندێک لە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟ ئایا دامودەزگای فەرمی، کۆمەڵگە، یاخود خێزانەکان بەرپرسن لە تێکچوونی شیرازەی خێزان و هەڵاتنی ژنان لە ماڵەوە؟ ئایا هۆکار چییە ژنان هانا بۆ شێڵتەر دەبەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان؟ ژنان تا چەند توانیویانە لە شێڵتەر گرفتەکانیان چارەسەر بکەن؟ ئایا تایبەتمەندییەکانی ژنانی هەڕەشەلێکراو چییە لە پارێزگای سلێمانی؟

١,٢ گرنگی توێژینەوەکە: دەکرێ گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

1 - ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی حکوومەت و ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان بتوانن

هاوکاریی ئەو ژنانە بکەن، کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان هانا بۆ شێڵتەر دەبەن.

2 - ئەنجامەکانی ئەم تویژینەوەیە دەبێتە هۆی خستنەڕووی گرفتەکانی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت و هانا بۆ شێڵتەر دەبەن.

3 - خستنەڕووی ئەنجامەکان و دیاریکردنی هۆکارەکان دەبێتە هۆی سەرچاوەیەکی گرنگ بۆئەوەی بتوانن ڕێژەی توندوتیژیی دژی ژنان کەمبکرێتەوە و کار بکرێت بۆ مامەڵەی تەندروست لە کۆمەڵگادا.

١,٣ ئامانجی تویژینەوەکە: ئامانجەکانی ئەم تویژینەوەیە بریتین لە:

1 - بۆچی ژنان پەنایان بردۆتە بەر شێڵتەری شاری سلێمانی؟

2 - زانینی تایبەتمەندییەکانی ئەو ژنانەی هانا بۆ شێڵتەر دەبەن.

لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە، گریمانەی تویژینەوەکەمان دانا بەئامانجی تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجامەکان، گریمانەش پشت بە بوونی پەیوەندی قبوڵکراو یاخود ڕەتکراوە لە نێوان گۆڕاوەکانی تویژینەوەکە دەبەستێت.

١,٤ گریمانەی تویژینەوەکە: گریمانەکانی ئەم تویژینەوەیە بریتین لە:

گریمانەی یەکەم: بوونی توندوتیژی لە خێزاندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ژنان پەنا بۆ شێڵتەر بەرن.

گریمانەی دووەم: پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان ئاستی خوێندەواری و پەنابردنی ژنان بۆ شێڵتەر.

**دووەم: میتۆدۆلۆژیای تویژینەوەکە:** ئەم تویژینەوەیە دەکەوێتە چوارچێوەی میتۆدی چەندایەتی. لە تویژینەوەی چەندایەتیدا هەوڵی ساغکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی پەیوەندییەک یان گریمانەیەک دەدرێت, کە پێشتر گەڵاڵە کراوە.

هەروەها جەخت لەسەر ئەو ئەنجامانە دەكرێتەوە كە لە نموونەی توێژینەوەكە بەدەست دێن و بەكاردەهێنرێن بەشێوەیەكی سیستەماتیک و بە گوێرەی ڕێبازی توێژینەوەكە بەدواداچوونی بۆ دەكرێت. پرۆسەی شیكردنەوەی چەندایەتی لە ڕێگای بەكارهێنانی ئامار، خشتە، یاخود گراف و گفتوگۆكردن دەربارەی چۆنیەتیی نیشاندانی پەیوەندیی نێوان گریمانەكان ئەنجام دەدرێت. ئەو ئامرازانەی كە لە میتۆدی چەندایەتیدا بەكاردەهێنرێن بریتین لە پرسیارنامە، توێژینەوەی بەردەستبوونی زانیاریی ئاماری، شیكردنەوەی ناوەرۆک و شیكردنەوەی داتای لاوەكی(Neuman, 2014). ئەم توێژینەوەیەش میتۆدی چەندایەتیی بەكارهێناوە و پشتی بە فۆڕمی پرسیارنامە بەستووە لە ڕێگای چاوپێكەوتنی ڕووبەڕوو لەگەڵ بەشداربووان، ئەوەش لە لایەن توێژەرانەوە ئەنجامدراوە لە نێوان ڕێكەوتی ٢٠١٧/٦/١٢ تا ٢٠١٨/٣/٨. پرسیارنامەكە پێكهاتووە لە (٢٩) پرسیاری كراوە و داخراو، كە (٢٧) پرسیاریان داخراوبوون و (٢) پرسیاریشیان كراوە بوون كە پرسیارەكانی (٢٦-٢٩) بوون.

كۆمەڵگای توێژینەوەی ئێمە پارێزگای سلێمانییە. بۆ دەستكەوتنی نموونە پەنامان بۆ شێڵتەری داڵدەدانی ژنان لە سلێمانی بردووە. لە ماوەی نزیكەی نۆ مانگ، ئێمە ڕووپێوێكی گشتگیری هەموو ئەو ژنانەمان كردووە كە لەو شێڵتەرە داڵدەدراون، ژمارەیان (١١٤) حاڵەت بووە كە ئەمانە ئەو ژنانەن كە بەلای كەمەوە هەفتەیەک لەوێ ماونەتەوە، ئەو ژنانەی كە تەنیا شەوێک ماونەتەوە, وەرنەگیراون. بۆ داخیلكردن و شیكردنەوەی داتاكان بەرنامەی SPSS بەكارهاتووە، دوای پێداچوونەوە و دڵنیابوون لە گشت زانیارییەكانی ناو پرسیارەكان، دەستمانكرد بە شیكردنەوەی داتاكان كە لە بەشی داهاتوو دەیانخەینەڕوو.

## سێیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتاکان

لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ هەموو ئەو داتایانە دەکەین کە لە لایەن بەشداربووانەوە کۆکراونەتەوە و لە سەرەتادا بە شیکردنەوەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە دەست پێدەکەین.

**خشتەی (١): خاسیەتە گشتییەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ١٣-١٧ | 21 | 18.4 | 114 |
| | ١٨-٢٢ | 32 | 28.1 | |
| | ٢٣-٢٧ | 20 | 17.5 | |
| | ٢٨-٣٢ | 23 | 20.2 | |
| | ٣٣-٣٧ | 9 | 7.9 | |
| | ٣٨-٤٢ | 5 | 4.4 | |
| | ٤٣-٤٧ | 2 | 1.8 | |
| | ٤٨-٥٢ | 2 | 1.8 | |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | 23 | 20.2 | 114 |
| | دەخوێنێ و دەنووسێ | 14 | 12.3 | |
| | بڕوانامەی سەرەتایی | 28 | 24.6 | |
| | ناوەندی | 28 | 24.6 | |
| | ئامادەیی | 17 | 14.9 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دبلۆم | 2 | 1.8 | |
| | زانکۆ | 2 | 1.8 | |
| پیشە | کچی ماڵەوە | 39 | 34.2 | 114 |
| | ژنی ماڵەوە | 58 | 50.9 | |
| | قوتابی | 14 | 12.3 | |
| | فەرمانبەری ئەهلی | 1 | 0.9 | |
| | هی تر | 2 | 1.8 | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 48 | 42.1 | 114 |
| | دەستگیراندار | 1 | 0.9 | |
| | خێزاندار | 45 | 39.5 | |
| | تەڵاقدراو | 18 | 15.8 | |
| | تاکمردوو | 2 | 1.8 | |
| باری ئابووری | زۆر باش | 2 | 1.8 | 114 |
| | باش | 44 | 38.6 | |
| | مام ناوەند | 33 | 28.9 | |
| | خراپ | 35 | 30.7 | |
| پێش هاتنت بۆ شێلتەر لە کوێ دەژیای | ناوەندی پارێزگا | 69 | 60.5 | 114 |
| | قەزا | 30 | 26.3 | |
| | ناحیە | 12 | 10.5 | |
| | گوند | 3 | 2.6 | |
| | ناوەندی پارێزگا | 52 | 45.6 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شوێنی لە دایک بوون | قەزا | 20 | 17.5 | 114 |
| | ناحیە | 17 | 14.9 | |
| | گوند | 25 | 21.9 | |

**لە خشتەی(١)دا کە خەسڵەتە گشتییەکانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، بۆمان ڕوون دەبێتەوە:**

لە خشتەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەرزترین ڕێژە(٢,٨٤٪)ی نموونەکە تەمەنیان لە نێوان (١٣-٣٢)ساڵیدایە. ئەم ئەنجامە پاڵپشتی لە ئەنجامی توێژینەوەی (فرج، ٢٠١٤) دەکات کە ئاماژەی بەوەکردبوو، کە زۆربەی ئەو ژنانەی بە ڕێژەی(٨٨,٩٧٪) هانا بۆ شێڵتەر دەبەن تەمەنیان لە نێوان (١٣-٣٢) ساڵیدایە. هەروەها ئەنجامی توێژینەوەی (قادر، ٢٠٠٦) ئاماژەی بەوەکردبوو، کە لە کوردستاندا زۆربەی ئەو ژنانەی بە ڕێژەی (٧٣,٩١٪) هانا بۆ شێڵتەر دەبەن، تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٢٩) ساڵیدایە. ئەم ئەنجامانەش مانای ئەوەیە، کە زۆربەی ئەو ژنانەی پەنا بۆ شێڵتەر دەبەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان, گەنجن.

٢- ئاستی خوێندەواری: لە کۆی ١١٤ کەس، زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٧٩,٨٪)خوێندەوارن. لە بەرانبەریشدا بە ڕێژەی (٢٠,٢٪) ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە توانای خوێندن و نووسینیان نییە. ئەوانەی کە خوێندەوارن ئاستی خوێندەوارییان بەم شێوەیە کە لە خشتەی (٣) خراوەتەڕوو.

لە وەڵامی بەشداربوواندا بۆمان دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە کەمترین ڕێژە (١,٨٪) لەو ژنانەی کە هانایان بۆ شێڵتەر بردووە، هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم و زانکۆن. لێرەشدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە تا ئاستی خوێندەواری بەرزبێتەوە ئەوا کەمتر هانا بۆ شێڵتەر دەبردرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٣- پیشــە: لە نیـوەی زیـاتری بەشـداربووان ڕێـژەی (٩,٥٠٪)ی نمـوونەکە پیشــەیان ژنـی مـاڵەوەیە، کەمتـرین ڕێـژەش (٩,٠٪) کـاری نـافەرمی دەکەن. بە ڕێژەی (٢,٣٤٪) کچی ماڵەوەن، بە ڕێژەی (٣,١٢٪) قوتـابین و بە ڕێژەی (٨,١٪) پیشـەی تـر دەکەن. لە وەڵامـی بەشـداربوواندا بۆمـان دەردەکەوێت، کە زۆربەی بەشداربووان کابانی مـاڵەوەن. ئەمەش پاڵپشـتی لە ئەنجـامی تـوێژینەوەی (قـادر، ٢٠٠٦ ) بەناونیشــانی (ڕۆڵــی ســەنتەری ژنــان لە کێشــە کۆمەڵایەتییەکانیــان: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردسـتان- عێراق) و تـوێژینەوەی (فـرج، ٢٠١٤) بەناونیشـانی (بـارودۆخی کـۆمەڵایەتی ژنـانی شـێڵتەر: تـوێژینەوەیەکی مەیدانییە لەناو شێڵتەری داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو لەنـاو شـاری سلێمانی) دەکات کە ئاماژەیـان بەوەکردبـوو، زۆربەی ئەو ژنـانەی هانـا بۆ شـێڵتەر دەبەن کابانی ماڵەوەن.

٤- بــاری کــۆمەڵایەتی: ئەوانەی (ســەڵت)ن ڕێــژەی (١,٤٢٪) نمــوونەکە پێکـدەهێنن، لە بەرانبەریشـدا ڕێـژەی (٥,٣٩٪) خێزانـدارن و بە ڕێـژەی (٨,١٥٪) تاکەکانی نمـوونەکە تەڵاق دراون، بە ڕێژەی (٨,١٪) تـاکمردوو هەیە و کەمترین ڕێـژەش (٩,٠٪) دەسـتگیراندارن. بۆمــان دەردەکەوێـت کە زۆربەی قوربانیــان سەڵتن، بەڵام ئەگەر تێبینیش بکەین خێزاندارەکانیش ڕێژەیان کەم نییە.

٥- باری ئابووری: زۆربەی تاکەکانی نموونەکە (٦,٣٨٪) بـاری ئابوورییـان باشە، بە ڕێژەی (٩,٢٨٪) باری ئابوورییـان مـام ناوەندییە و بە ڕێژەی (٧,٣٠٪) باری ئابووریان خراپە و لە بەرانبەردا کەمترین ڕێژە (٨,١٪)ی نمـوونەکە بـاری ئابوورییان زۆر باشە.

لە خشـتەی(١)دا بۆمـان دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەنـدامانی تـوێژینەوەکە گەنجن و خێزاندارن و ژنی ماڵەوەن، واتە خاوەن پیشەی خۆیـان نـین و بێکـارن و خاوەن بڕوانامەی بەرز نین.

٦- شــوێنی نیشــتەجێبوون پــێش هــاتن بــۆ شــێڵتەر: بە ڕێـژەی (٥,٦٠٪) ئەندامانی توێژینەوەکە پێش هاتنیـان بۆ شـێڵتەر لە ناوەندی پارێزگـا ژیـاون، بە

ڕێـژەی(٣،٢٦٪) لە قەزاکـان دەژیـان، بە ڕیـژەی(٥،١٠٪) لە ناحیەکـان دەژیـان و کەمترین ڕێژە (٦،٢٪) لە گوندکان دەژیان پێش ئەوەی بێن بۆ شێڵتەر. زۆربەی قوربانیان پێش هاتنیان بۆ شێڵتەر لە ناوەندی پارێزگا دەژیان ئەمەش پشتگیری لە ئەنجامی توێژینەوەی (قادر، ٢٠٠٦) دەکات، کە گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی ئەو ژنانەی هانا بۆ شێڵتەر دەبەن خەڵکی شارن.

٧- شوێنی لە دایک بوون: لە کۆی (١١٤) بەشداربوو، بە ڕێژەی (٦،٤٥٪) شوێنی لە دایک بوونیان ناوەندی شارە، بە ڕێژەی (٥،١٧٪) لە قەزاکان لە دایک بوون، بە ڕێژەی (٩،١٤٪) لە ناحیەکان لە دایک بوون و بە ڕێژەی (٩،٢١٪) لە گوند لە دایک بوون.

٨- هەبـوونی منـداڵ لای بەشـداربووان: لە کـۆی ١١٤ کەس، بە ڕێـژەی (٤٥،٦١٪)ئاماژەیـان بەوەکـرد کە منـداڵیان هەیە. لەبەرانـبەردا بە ڕێـژەی (٥٤،٣٨٪)ئاماژەیان بەوەکرد کە منداڵیان نییە. لە خشتەکانی (٥-٦)دا، ژمـارە و تەمەنی منداڵەکانیان دەخەینەڕوو.

٩- ژمـارەی منـداڵ و تەمەنـی منـداڵانی بەشـداربووان: لە خشـتەی(٢)دا دەردەکەوێـت کە زۆربەی تاکەکـانی نمـوونەکە بە ڕێـژەی( ٠٧،٤٨٪) ژمـارەی منـداڵەکانیان لە ١ -٢ منـداڵە، بە ڕیـژەی (١٥،٤٦٪) ژمـارەی منـداڵەکانیان ٣-٤ منداڵە. هەروەها بە ڕێژەی (٨٤،٣٪) ژمارەی منداڵەکانیان ٥-٦ منداڵە. کەمترین ڕێژەش(١.٩٢٪)ی ژمارەی منداڵەکانیان ٧-٨ منداڵە.

هەروەهـا زۆربەی تاکەکـانی نمـوونەکە، بە ڕێـژەی(٢١،٢٥٪) تەمەنـی منداڵەکانیان لەنێوان ٤-٦سـاڵیدایە، بە ڕێژەی(٨٤،٢١٪) تەمەنـی منداڵەکانیان لە نێوان ١ ساڵ کەمتر تا ٣ ساڵە، بە ڕێژەی (١٦،٢٠٪) تەمەنی منداڵەکانیان لەنێوان ٧-٩ ساڵیدایە، بە ڕێژەی (٨٠،١٦٪) تەمەنی منداڵەکانیان لە نێوان ١٠-١٢ ساڵییە، بە ڕێـژەی (٧٢،٦٪) تەمەنـی منـداڵەکانیان لەنێـوان ١٣-١٥ سـاڵیدایە، بە ڕێـژەی (٣٦،٣٪) تەمەنی منداڵەکانیان لەنێوان ١٦-١٨ ساڵیدایە. کەمترین ڕێژەش (٦٨،١٪)

تەمەنی منداڵەکانیان لەنێوان ٢٢-٢٤ و ٢٥-٢٧ ساڵیدایە، هەروەک لە خشتەی (٤)دا دەردەکەوێت.

**خشتەی (٢) ژمارە و تەمەنی منداڵی بەشداربووان ڕوون دەکاتەوە**

| گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی منداڵ | ١-٢ | 25 | 48.07 | 52 |
| | ٣-٤ | 24 | 46.15 | |
| | ٥-٦ | 2 | 3.84 | |
| | ٧-٨ | 1 | 1.92 | |
| تەمەنی منداڵ | ١ ساڵ کەمتر- ٣ | 26 | 21.84 | 119 |
| | ٤-٦ | 30 | 25.21 | |
| | ٧-٩ | 24 | 20.16 | |
| | ١٠-١٢ | 20 | 16.80 | |
| | ١٣-١٥ | 8 | 6.72 | |
| | ١٦-١٨ | 4 | 3.36 | |
| | ١٩-٢١ | 3 | 2.52 | |
| | ٢٢-٢٤ | 2 | 1.68 | |
| | ٢٥-٢٧ | 2 | 1.68 | |

### ١٠- ژمارەی ئەندامانی خێزان

**خشتەی (٣): ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو**

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢-٥ | 66 | 57.9 |
| ٦-٩ | 40 | 35.1 |
| ١٠-١٣ | 8 | 7.0 |
| کۆی گشتی | 114 | 100.0 |

لەخشتەی(٣)دا دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی بەشداربووان بە ڕێژەی (٥٧,٩٪) ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان (٢-٥) ئەندامە، بەڕێژەی (٣٥,١٪) ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان (٦-٩) ئەندامە. کەمترین ڕێژەش (٧٪) ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان (١٠-١٣) ئەندامە.

**١١- پیشەی باوک، دایک و هاوسەری بەشداربووان:** لەخشەی(٤)دا دەردەکەوێت، کە نزیکەی نیوەی بەشداربووان (٦,٣٨٪) باوکیان نەماوە، کەمترین ڕێژەش(١,٦٪) لە باوکی بەشداربووان کاری نافەرمی دەکەن. هەروەها بە ڕێژەی (٩,٧٪)ی بەشداربووان باوکیان بێکارن، بە ڕێژەی (١٣,٢٪)باوکیان خانەنشینە، بە ڕێژەی (٨,١٥٪) باوکیان کاری فەرمی دەکەن، بە ڕێژەی (٤,١٨٪) باوکیان کاری تر ئەنجامدەدەن.

زۆربەی تاکەکانی نموونەکە، بە ڕێژەی (٧١,٩٪) دایکیان ژنی ماڵەوەن، کەمترین ڕێژەش(٠,٩٪) دایکیان کاری تر ئەنجامدەدەن. هەروەها بە ڕێژەی (٢,٦٪) لە بەشداربووان دایکیان کاری فەرمی ئەنجامدەدەن، بە ڕێژەی (١,٨٪) دایکیان کاری نافەرمی ئەنجامدەدەن و بە ڕێژەی (٨,٢٢٪) دایکیان لە ژیاندا نەماون.

هەروەهــا زۆربەی تاکەکــانی نمــوونەکە لەوانەی خێزانــدارن بە ڕێــژەی (٥٢,٧٢٪) هاوســـەرەکانیان کـــاری ئـــازاد دەکەن و کەمتـــری ڕێـــژەش (١,٨١٪)هاوسـەرەکانیان پیشـەیان قوتـابی و خانەنشـینن. هەروەهـا بە ڕێـژەی (٢٧,٧٪) هاوســـەرەکانیان بێکـــارن و بە ڕێـــژەی (٣٢,٧٢٪) لە بەشـــداربووان هاوســـەرەکانیان کـــاری فەرمـــی ئەنجـــام دەدەن. کەچـــی بە ڕێـــژەی(٣,٦٣٪) هاوسەریان لە ژیاندا نەماون، هەروەک لەخشەی(٤)دا دەردەکەوێت.

**خشتەی (٤): پیشەی باوک، دایک و هاوسەری بەشداربووان ڕوون دەکاتەوە**

| گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| پیشەی باوک | فەرمانبەری حکومی | 18 | 15.8 | 114 |
| | فەرمانبەری ئەهلی | 7 | 6.1 | |
| | بێکار | 9 | 7.9 | |
| | خانەنشین | 15 | 13.2 | |
| | مردووە | 44 | 38.6 | |
| | هی تر | 21 | 18.4 | |
| پیشەی دایک | ژنی ماڵەوە | 82 | 71.9 | 114 |
| | کاری فەرمی | 3 | 2.6 | |
| | کاری نافەرمی | 2 | 1.8 | |
| | مردووە | 26 | 22.8 | |
| | هی تر | 1 | 0.9 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 55 | 52.72 | 29 | کاری ئازاد | پیشەی هاوسەر |
| | 1.92 | 1 | قوتابی | |
| | 0.27 | 4 | بێکار | |
| | 32.72 | 18 | کاری فەرمی | |
| | 1.92 | 1 | خانە نشین | |
| | 3.63 | 2 | مردووە | |

**١٢- ئاستی خوێندەواریی باوک و دایکی بەشداربووان:** لەخشتەی(٥)دا دەردەکەوێت، کە نیوەی زیاتری باوکی بەشداربووان بە ڕێژەی (٥٧,٩٪) نەخوێندەوارن، بە ڕێژەی (١٧,٥٪) باوکیان دەتوانن بخوێنن و بنووسن، بەڵام بڕوانامەیان نییە، بە ڕێژەی (١٠,٥٪)باوکیان بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە، بە ڕێژەی (٦,١٪) بڕوانامەی ناوەندییان هەیە، بە ڕێژەی (٤,٤٪) بڕوانامەی ئامادەییان هەیە، بە ڕێژەی (٢,٦٪) بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە. کەمترین ڕێژەش(٠,٩٪) باوکی بەشداربووان بڕوانامەی زانکۆیان هەیە.

هەروەها زۆربەی تاکەکانی نموونەکە، بە ڕێژەی (٧٤,٥٪) دایکیان نەخوێندەوارن، بە ڕێژەی (١٤٪) دەتوانن بخوێنن و بنووسن، بە ڕێژەی (٧٪) دایکیان بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە، بە ڕێژەی (٢,٦٪) دایکیان بڕوانامەی ناوەندییان هەیە. کەمترین ڕێژەش (١,٨٪) بڕوانامەی زانکۆیان هەیە، هەروەک لەخشتەی(٥)دا دەردەکەوێت.

**خستەی(٥): ئاستی خوێندەواری باوک و دایکی تاکەکانی نموونەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ئاستی خوێندەواری | باوک | | دایک | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
| نەخوێندەوار | 66 | 57.9 | 85 | 74.5 |
| دەخوێنێ و دەنووسێ | 20 | 17.5 | 16 | 14.0 |
| سەرەتایی | 12 | 10.5 | 8 | 7.0 |
| ناوەندی | 7 | 6.1 | 3 | 2.6 |
| ئامادەیی | 5 | 4.4 | – | – |
| دبلۆم | 3 | 2.6 | – | – |
| زانکۆ | 1 | 0 .9 | 2 | 1.8 |
| کۆی گشتی | 114 | 100 | 114 | 100 |

**١٣- ئاستی خوێندەواری هاوسەری بەشداربووان**

**خستەی(٦): ئاستی خوێندەواری هاوسەری بەشداربووان ڕوون دەکاتەوە**

| ئاستی خوێندەواری هاوسەر | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 12 | 21.05 |
| دەخوێنێ و دەنووسێ | 24 | 42.10 |
| بڕوانامەی سەرەتایی | 10 | 17.54 |

| | | |
|---|---|---|
| ناوەندی | 8 | 14.03 |
| ئامادەیی | 1 | 1.75 |
| دبلۆم | 1 | 1.75 |
| زانکۆ | 1 | 1.75 |
| کۆی گشتی | 57 | 100.0 |

لەخشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە نزیکەی نیوەی هاوسەری بەشداربووان بە ڕێژەی (٤٢,١٠٪) تەنیا دەتوانن بخوێنن و بنووسن، بەڵام هیچ جۆرە بڕوانامەیەکیان نییە، بەهەمان شێوە بە ڕێژەی (٢١,٠٥٪)هاوسەرەکانیان نەخوێندەوارن، بە ڕێژەی (١٧,٥٤٪)بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە، بە ڕێژەی (١٤,٠٣٪) بڕوانامەی ناوەندییان هەیە. کەمترین ڕێژەش (١,٧٥٪) هاوسەرەکانیان بڕوانامەی ئامادەیی، دبلۆم و زانکۆیان هەیە.

**١٤-ڕێگاکانی شووکردنی بەشداربووان**

**خشتەی (٧): ڕێگاکانی شووکردن لای نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو**

| جۆرەکانی شووکردنی نموونەکە | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شووم بە یەکێک کرد کە خزمم نییە | 50 | 75.75 |
| شووم بە ئامۆزای خۆم کرد | 2 | 3.03 |
| شووم بە خزمێک کرد | 14 | 21.21 |
| کۆی گشتی | 66 | 100.0 |

لە خشتەی (٧)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە سێ بەشی نموونەی توێژینەوەکە لەوانەی شوویان کردووە بە ڕێژەی (٧٥,٧٥٪) شوویان بە یەکێک کردووە کە خزمیان نەبووە، بە ڕێژەی (٢١,٢١٪)لە بەشداربووان شوویان بە خزمی خۆیان کردووە. کەچی کەمترین ڕێژەش (٣,٠٣٪) بە ئامۆزای خۆیان کردووە.

### ١٥-بڕیاردان لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری بەشداربووان

**خشەی(٨): بڕیاردانی پڕۆسەی هاوسەرگیری ڕوون دەکاتەوە**

| بڕیاردانی هاوسەرگیری | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هاوسەرگیری بە تەواوی ڕێکخراوبوو لەلایەن خێزانەوە | 12 | 18.18 |
| ڕێکخرابوو بەهاوبەشی لەلایەن خۆم و خێزانەکەمەوە | 26 | 39.39 |
| بە ڕەزامەندی خۆم بوو | 26 | 39.39 |
| بە ڕەزامەندی خۆم نەبوو | 2 | 3.03 |
| کۆی گشتی | 66 | 100.0 |

لە خشتەی(٨)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ڕێژەی (١٨,١٨٪)ی نموونەکە هاوسەرگیریان بە تەواوی ڕێکخرابوو لە لایەن خێزانەکانیانەوە، بە ڕێژەی (٣٩,٣٩٪)هاوسەرگیریان ڕێکخرابوو لە لایەن خۆیان و خێزانەکانیانەوە و بەهەمان ڕێژەش بەشداربووان ئاماژەیان بەوە کرد کە شوو کردنەکەیان بە ڕەزامەندی خۆیان بووە. کەمترین ڕێژەش (٣,٠٣٪) بە ڕەزامەندی خۆیان شوویان نەکردووە.

### ١٦-ڕێکخستنی هاوسەرگیری

**خشەی (٩):ڕێکخستبوو پرۆسەی هاوسەرگیری لای نموونەکە دەخاتەڕوو**

| کێ هاوسەرگیری ڕێکخستبوو | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باوکم | 34 | 51.51 |
| دایکم | 13 | 19.69 |
| برام | 19 | 28.78 |
| کۆی گشتی | 66 | 100.0 |

له خشـتەی سـەرەوەدا دەردەکەوێت، کە زۆربەی تاکەکـانی نمـوونەکە بە ڕێژەی (٥١,٥١٪) ئاماژەیـان بەوەکرد کە باوکیـان پرۆسـەی هاوسـەرگیریی بۆ ڕێکخسـتبوون، بە ڕێـژەی (٢٨,٧٨٪) برایـان پرۆسـەی هاوسـەرگیریی بـۆ ڕێکخستبوون. کەمترین ڕێژەش (١٩,٦٩٪) دایکیان پرۆشەی هاوسەرگیری بۆی ڕێکخستبوون.

له خشـتەکانی(٨-٩)دا بۆمـان دەردەکەوێـت کە ڕێژەیەکـی زۆری بەشداربووان بە ڕەزامەندیی خۆیان هاوسەرگیرییان کردووە یاخود بەهاوبەشی لە لایەن خـۆی و خێـزانەکەیەوە ڕێکخـراوە. لە هەمانکاتـدا بەرزتـرین ڕێـژە (٨٠,٢٩٪) ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە لەلایەن باوک و برایان هاوسـەرگیرییان بۆ ڕێکخـراوە. ئەمەش دەمـانگەیەنەتە ئەو ئەنجـامەی کە تـا ئێسـتاش لە هەنـدێک خێزانـی کۆمەڵگـای کـوردی ڕەگەزی نێـر باڵادەسـتە لە بڕیـاردان یـاخود کۆمەڵگایەکی باوکسالارییە, ئەمەش واتە ئازاد نەبوون لە دیاریکردنی هاوبەشـی ژیانیان.

## ١٧- شوێنی نیشتەجێبوون پاش هاوسەرگیری

**خشتەی(١٠): شوێنی نیشتەجێبوون پاش هاوسەرگیری لای نموونەکە ڕوون دەکاتەوە**

| شوێنی نیشتەجێبوون پاش هاوسەرگیری | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەگەڵ هاوسەرەکەم و خانەوادەکەی دەژیم | 5 | 10 |
| من و هاوسەرەکەم لەگەڵ خانەوادەکەی من دەژین | 5 | 10 |
| لە نزیک مالی باوکی هاوسەرەکەم دەژین | 1 | 2 |
| لە خانوویەک دەژین کە دوورە لە مالی باوک و دایکی هەردوولامان | 39 | 78 |
| کۆی گشتی | 50 | 100.0 |

لەخشتەی(١٠)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بەرزترین ڕێژە (٧٨٪)ی ئەندامانی نموونەکە دوای هاوسەرگیرییان لە دووری ماڵی دایک و باوکیان دەژیان. بە ڕێژەی(١٠٪)ی دوای هاوسەرگیرییان لەگەڵ خانەوادەی هاوسەرەکانیان دەژیان واتە خانووی سەربەخۆی خۆیان نەبووە، بەهەمان ڕێژەش لەگەڵ خانەوادەی ژنەکەی دەژیان و کەمترین ڕێژەش (٢٪) لە نزیک مالی باوکی ژنەکە دەژیان.

**١٨- ڕێگاکانی چوون بۆ شێڵتەر**

**خشتەی(١١): ڕێگاکانی چوون بۆ شێڵتەر ڕوون دەکاتەوە**

| ڕێگاکانی چوون بۆ شێڵتەر | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بە ڕێگای پۆلیس یاخود توێژەری کۆمەڵایەتی | 110 | 96.5 |
| بە خۆم | 4 | 3.5 |
| کۆی گشتی | 114 | 100.0 |

لە خشتەی (١١)دا دەردەکەوێت، کە زۆربەی تاکەکانی نموونەکە، کە ڕێژەی (٩٦,٥٪)ی نموونەکە پێکدەهێنن، بە ڕێگای پۆلیس یاخود توێژەری کۆمەڵایەتی چوون بۆ شێڵتەر. لە بەرانبەردا کەمترین ڕێژە (٣,٥٪) ئاماژەیان بەوەکرد، کە بۆ خۆیان چوون بۆ شێڵتەر. کەواتە زۆربەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕێگای پۆلیس و توێژەری کۆمەڵایەتی چوون بۆ شێڵتەر.

**١٩- جۆرەکانی توندوتیژی**

**خشتەی(١٢): جۆرەکانی توندوتیژیی کە بەرانبەر بەشداربووان ئەنجامدراوە دەخاتەڕوو**

| جۆرەکانی توندوتیژی | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| توندوتیژیی جەستەیی | 48 | 38.1 |
| توندوتیژیی زارەکی (لفظی) | 21 | 16.7 |
| توندوتیژیی سێکسی | 17 | 13.5 |

| | | |
|---|---|---|
| توندوتیژیی ئابووری | 4 | 3.2 |
| توندوتیژیی دەروونی | 35 | 27.8 |
| هی تر | 1 | 0.8 |
| کۆی گشتی | 126 | 100.0 |

لە خشتەی (١٢)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بە ڕێژەی (٣٨,١٪)ی بەشداربووان توندوتیژیی جەستەییان بەرانبەر کراوە، بە ڕێژەی (١٦,٧٪)توندوتیژیی زارەکیان بەرانبەر کراوە، بە ڕێژەی (١٣,٥٪) نموونەکە توندوتیژیی سێکسییان بەرانبەر ئەنجامدراوە، بە ڕێژەی (٣,٢٪) توندوتیژیی ئابووریان بەرانبەر کراوە و بە ڕێژەی (٢٧,٨٪) توندوتیژیی دەروونیان بەرانبەر کراوە. کەچی کەمترین ڕێژە (٠,٨٪) توندوتیژیی تریان بەرانبەرکراوە جگە لەو جۆرە توندوتیژییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

کەواتە زۆرترین بەشداربوو بە ڕێژەی (٦٥,٩٪) ئاماژەیان بە توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی کرد کە بەرانبەریان کراوە و هۆکاری کاریگەرن بۆئەوەی ژنان ماڵ بەجێبهێڵن و پەنا بۆ شێلتەر بەرن، زۆربەی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت لە کوردستاندا لە تەمەنی گەنجیدان (سەیری خشتەی ١ بکە). ئەم ئەنجامە پاڵپشتی لە ئەنجامی توێژینەوەی (فرج، ٢٠١٤) دەکات، کە ئاماژەی بەوەکردبوو, کە زۆربەی ئەو ژنانەی هانا بۆ شێلتەر دەبەن لە تەمەنی گەنجیدان و توندوتیژیی جەستەییان بەرانبەر کراوە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانە، کە زۆربەی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت تەمەنیان لە نێوان ٤٤-٥٠ ساڵیدایە زیاتر لە هەر تەمەنێکی تر ( Wang, 1996).

### ٢٠-مامەڵەی خراپ لەگەڵ بەشداربووان

**خشتەی (١٣): ئەو کەسە "انەی" مامەڵەی خراپی لەگەڵ نموونەی توێژینەوە ئەنجامداوە دەخاتەڕوو**

| کەسەکان | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| وەڵامنەدراوە | 3 | 2.6 |
| خزمانی خۆم | 55 | 48.2 |
| خزمانی هاوسەرەکەم | 5 | 4.4 |
| هی تر | 51 | 44.7 |
| کۆی گشتی | 114 | 100.0 |

لە خشتەی (١٣)دا دەردەکەوێت، کە زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٢,٤٨٪) ئاماژەیان بە خزمانی خۆیان کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ ئەنجامداوە وەک باوکیان، دایکیان، براکانیان، خوشکیان، براژن، نەنک، مام، خاڵ، مامۆژن، باوەژن، زاوایان و ئامۆزایان. بە ڕێژەی (٤,٤٪) خزمانی هاوسەرەکانیان مامەڵەی خراپیان لەگەڵ ئەنجامداوە وەک ماڵی باوکی هاوسەرەکانیان، برادەری هاوسەرەکانیان و کوڕی هاوسەرەکانیان. بە ڕێژەی (٤٤,٧٪) ئاماژەیان بە کەسانی تر کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵە ئەنجامداوە وەک هاوسەرەکانیان، ژنی یەکەمی هاوسەرەکانیان، خاوەن کافتریا و خۆشەویستەکانیان. لەبەرانبەردا کەمترین ڕێژەش (٢,٦٪) وەڵامیان نەداوەتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی بەشداربووان بە ڕێژەی (٤٨،٢٪)ی نموونەکە، ئاماژەیان بە کەسە نزیکەکانیان وەک باوک، دایک، برا، خوشک و مێرد کرد، کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کردوون.

**٢١- ترس لە ژیان دوای جێهێشتنی شێڵتەر**

**خشتەی (١٤): ترس لە ژیان دوای جێهێشتنی شێڵتەر لای نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو**

| وەڵام | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 28 | 24.6 |
| نەخێر | 86 | 75.4 |
| کۆی گشتی | 114 | 100.0 |

لە خشتەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە سێ بەشی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٧٤,٤٪) دوای چوونە دەرەوە لە شێڵتەر لە ژیانی خۆیان ناترسن، لە بەرانبەردا بە ڕێژەی (٢٤,٦٪) ئاماژەیان بەوەکرد کە لە ژیانی خۆیان دەترسن لە کاتی چوونە دەرەوە لە شێڵتەر.

**٢٢- هۆکاری ترس لە ژیانی خۆیان دوای جێهێشتنی شێڵتەر:** ئەم پرسیارە پەیوەندی بە پرسیاری (٢١)ەوە هەیە، ئەم پرسیارەش لەبەرئەوە کراوە تا هۆکاری ترسی بەشداربووان بزانین دوای جێهێشتنی شێڵتەر، زۆربەی بەشداربووان بە ڕێژەی (٩٠٪) ئاماژەیان بە هۆکاری هەڕەشە و کوشتن کردووە لە ئەگەری جێهێشتنی شێڵتەر پێش چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، بۆیە لێرەدا وەڵامی هەندێک لە بەشداربووان دەخەینەڕوو:" لەبەرئەوەی باوکم و مامم هەڕەشەی کوشتنم لێ دەکەن"، "براکانم هەڕەشەی کوشتنم لێ دەکەن"، "هاوسەرەکەم و براکەم هەڕەشەی کوشتنم لێ دەکەن"، " لە کەوسوکارم دەترسم ئەگەر شێڵتەر بەجێبهێڵم".

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە وەڵامی بەشداربووان، کە زۆربەیان هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە لە حاڵەتی چوونە دەرەوەیان لە شێڵتەر. هەروەها شێڵتەر وەکماڵێک وایە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ماڵدا ئەوەیە کە لە شێڵتەردا هەلی چوونە دەرەوەیان نییە تا چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بکەن.

**٢٣- شوێن و کەسی یارمەتیدەری بەشداربووان پێش ئەوەی بێن بۆ شیڵتەر**

**خشتەی (١٥): شوێن و کەسی یارمەتیدەری بەشداربووان پێش ئەوەی بێن بۆ شیڵتەر لای نموونەکە ڕوون دەکاتەوە**

| یارمەتیت لە کێ وەردەگرت پێش ئەوەی بێی بۆ شیڵتەر | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| وەڵامنەدراوە | 2 | 1.8 |
| خێزان | 67 | 58.8 |
| برادەر | 11 | 9.6 |
| پۆلیس | 20 | 17.5 |
| ڕێکخراوەکانی ژنان | 3 | 2.6 |
| هی تر | 11 | 9.6 |
| کۆی گشتی | 114 | 100.0 |

لە خشتەی (١٥)دا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥٨,٨٪) هانایان بۆ خێزان دەبرد بۆ داواکردنی یارمەتی و کەمترین ڕێژەش (٢,٦٪)پەنایان بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان دەبرد بۆ داواکردنی یارمەتی. بە ڕێژەی (٩,٦٪) هانایان بۆ برادەریان بردووە بۆ داواکردنی یارمەتی، بە ڕێژەی (١٧,٥٪) هانایان بۆ پۆلیس بردووە بۆ داواکردنی یارمەتی و بە ڕێژەی (٩,٦٪) هانایان بۆ هیچ کەسێک یاخود شوێنێک نەبردووە لەبەرئەوەی بەقسەی خۆیان هیچ کێشەیەکیان نەبووە، هەروەک بەشداربووی ژمارە " ٥٢" گوتی (هیچ شوێنێک)، بەشداربووی "٧١" گوتی (هیچ کەسێک) و بەشداربووی "٨٢" گوتیان (کێشەمان نەبووە) یاخود پەنایان بۆ لایەنی تر بردووە وەک شیڵتەری هەولێر و کەلار بۆ داواکردنی یارمەتی پێش ئەوەی بچن بۆ شیڵتەری سلێمانی. ڕێژەی (١,٨٪) بەشداربووان وەڵامیان نەداوەتەوە لەبەرئەوەی هیچ گرفتێکیان نەبووە و تەنیا لەبەر خوشەکەکانیان هاتوون بۆ شیڵتەر چونکە دایک و باوکیان نەماوە و لای برایان ژیانیان بەسەر دەبرد.

دەردەکەوێت، کە زۆربەی بەشداربووان لە کاتی هەبوونی گرفت یارمەتییان لە خێزان وەرگرتووە پێش ئەوەی بێن بۆ شێلتەر ئەمەش پێمان دەڵێت، کە زۆربەی قوربانییان تارادەیەکی زۆر متمانەیان بە دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان نەبووە بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان. کەواتە قوربانییان هەستیان بە تەنیایی دەکرد و کەس نەبوو پەنای بۆ بەرن و گوێیان لێ بگرێت لە ناو خێزان و دەرەوەی خێزان. بۆیە متمانەبوون و کەس نەبوون بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ئەوەی ژنان لە ماڵەوە ڕابکەن و بە دوای شوێن و کەسێک بگەڕێن کە بتوانێ هاوکارییان بکات. بۆیە هەندێک کەس لە کاتی نەبوونی هیچ کەسێک بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرن پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن وەک ڕێگاچارەی کۆتایی یاخود سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەر بۆ ئەوەی گرنگییان پێ بدەن( Sacks, 1967). تەنانەت کەمترین ڕێژەش ئاماژەیان بە ڕێکخراوەکانی ژنان دا، ئەگەرچی چەندین ڕێکخراوی ژنان هەیە لە کوردستان و هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یارمەتی ژنان دەدەن و هەوڵدەدەن گرفتەکانیان چارەسەر بکەن و پەرە بە تواناکانیان بدەن. ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا زیاتر تیۆری کاردەکەن نەک پراکتیکی (Xarabay, 2010). هەموو ئەمانەش گومان دەخەنە سەر کاری ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕووی سەربەخۆیی و کارکردن لە پێناوی ژنان و توانای خۆناساندنیان بە چینە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژنان.

## ٢٤- ئامانجی چوون بۆ شێلتەر

**خشتەی (١٦): ئامانجی هانا بردن بۆ شێلتەر لای نموونەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبووەکان | ئامانجی چوون بۆ شێلتەر |
|---|---|---|
| 48.7 | 58 | چارەسەرکردنی کێشە |
| 13.4 | 16 | ڕزگاربوون لە هەڕەشە وکوشتن |
| 12.6 | 15 | دۆزینەوەی ژینگەیەکی ئارام |

| | | |
|---|---|---|
| وەرگرتنەوەی ماف لە ڕێگای یاساوە | 12 | 10.1 |
| گەیشتن بە ئاوات | 14 | 11.8 |
| خۆشاردنەوە لەو کارانەی کردوتە | 2 | 1.7 |
| هی تر | 2 | 1.7 |
| کۆی گشتی | 119 | 100.0 |

لە خشتەی (١٦)دا دەردەکەوێت، کە نزیکەی نیوەی تاکەکانی نموونەکە، کە ڕێژەی (٤٨,٧٪)ی نموونەکە پێکدەهێنن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کیشەکانیان هانایان بۆ شێڵتەر بردووە، بە ڕێژەی (١٣,٤٪) بەمەبەستی ڕزگاربوون لە هەڕەشە و کوشتن هانایان بۆ شێڵتەر بردووە، بە ڕێژەی (١٢,٦٪) بەمەبەستی دۆزینەوەی ژینگەیەکی ئارام هانایان بۆ شێڵتەر بردووە، بە ڕێژەی (١٠,١٪) بە مەبەستی وەرگرتنەوەی مافەکانیان هانایان بۆ شێڵتەر بردووە، بە ڕێژەی (١٠,١٪) بەمەبەستی گەیشتن بە ئاواتەکانیان هانایان بۆ شێڵتەر بردووە. کەمترین ڕێژەش (١,٧٪) بەمەبەستی خۆشاردنەوە لەو کارانەی کە کردوویانە و هۆکاری تر هانایان بۆ شێڵتەر بردووە.

## ٢٥-هۆکارەکانی پەنا بردن بۆ شێڵتەر

لە کۆتایی پرسیارنامەکەدا پرسیارێکی کراوەمان ئاراستەی بەشداربووان کردبوو، کە باسی هۆکاری پەنابردنیان بۆ شێڵتەر بکەن، کە لە خشتەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو:

خشتەی ( ١٧): هۆکارەکانی پەنابردنی ژنان بۆ شێڵتەر ڕوون دەکاتەوە

| هۆکارەکانی پەنابردنی ژنان بۆ شێڵتەر | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| توندوتیژی خێزانی | 34 | ٪٢٩،٨٢ |
| دەستدرێژی سێکسی | 10 | ٪٨،٧٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٪٨،٧٧ | 10 | هاوسەرگیری |
| ٪٧،٠١ | 8 | پەیوەندی خۆشەویستی |
| ٪٧،٠١ | 8 | ناپاکی هاوسەری |
| ٪٧،٠١ | 8 | هەڕەشەکردن |
| ٪٦،١٤ | 7 | نەخۆشی دەروونی |
| ٪٦،١٤ | 7 | ڕەدووکەوتن |
| ٪٦،١٤ | 7 | جیابوونەوە |
| ٪٤،٣٨ | 5 | بێ جێگایی |
| ٪١،٧٥ | 2 | هۆکاری ئابووری |
| ٪١،٧٥ | 2 | سکپڕی نایاسایی |
| ٪١،٧٥ | 2 | ماف وەرگرتنەوە |
| ٪١،٧٥ | 2 | بەزۆر بەشوودان |
| ٪٠،٨٧ | 1 | هۆکاری تەکنۆلۆجیا |
| ٪٠،٨٧ | 1 | گەڕانەوە بۆ خێزان |
| %100 | 114 | کۆی گشتی |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە لە کۆی (١١٤) بەشداربوو، زۆرترین ڕێژە (٪٢٩،٨٢) لە نموونەکە ئاماژەیان بە هۆکاری توندوتیژیی خێزانی کرد کە وەک هۆکارێک پەنایان بۆ شێلتەر بردووە، بە ڕێژەی (٪٨،٧٧) ئاماژەیان بە هۆکارەکانی هاوسەرگیری و دەستدرێژیی سێکسی کرد، بە ڕێژەی (٪٧،٠١)ئاماژەیان بە هۆکاری پەیوەندیی خۆشەویستی، ناپاکی هاوسەری و هەڕەشەکردن کرد، بە ڕێژەی (٪٦،١٤) ئاماژەیان بە هۆکارەکانی نەخۆشی دەروونی، ڕەدووکەوتن و جیابوونەوە کرد، بە ڕێژەی (٪٤،٣٨)ئاماژەیان بە هۆکاری بێ جێگایی کرد، بە ڕێژەی (٪١،٧٥) بەشداربووش ئاماژەیان بە هۆکاری ئابووری، سکپڕی نایاسایی، ماف وەرگرتنەوە و بە زۆر بەشوودان کرد. کەمترین ڕێژەش (٪٠،٨٧) ئاماژەیان بە هۆکاری تەکنۆلۆجیا و گەڕانەوە بۆ

خێـزان کـرد. بـۆیە لە خـوارەوە هۆکارەکـان و ڕوونکـردنەوەی نموونەکـانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو:

1 - **توندوتیژیی خێزانی**: یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانە، کە ژنان پەنا بـۆ شـێڵتەر دەبەن لەبەرئەوەی تونـدوتیژی بەهەمـوو جۆرەکـانییەوە هۆکارێکە بۆئەوەی مرۆڤ هەست بە بێمتمانەیی بکات بەرانبەر دایک و باوکی، هاوبەشـی ژیانی، ئەندامانی خێزانەکەی یاخود ئەو کەسانەی لە دەوروبەری دانو بۆیە لە شـوێنێک دەگەڕێت کە هەسـت بەئـارامی بکات یاخود بتوانێت پارێزگاری لێبکات. لێرەدا هەندێک چیرۆکی بەشداربووان دەخەینەڕوو: کەیسی ژمارە (٢٥) کە تەمەنی (١٤) ساڵە گوتی "دایکم و باوکم مردوون ئێستا لەگەڵ براکانم دەژیم، بەڵام براکانم بەردەوام قسەم پێ دەڵێن و ناتوانم بگونجێم لەگەڵیان، چونکە ئەوان ژن و منداڵیان هەیە". بەهەمـان شـێوە کەیسی ژمارە (٥٧) کە تەمەنی (٢٤) ساڵە ئاماژەی بۆ ئەوە کـرد کە" مـاوەی ١١ سـاڵە دایـک و بـاوکم مـردوون و لای مـام و مـامۆژنم دەژیـم ئەوانیش مامەڵەیـان لەگەڵـم زۆر خـراپە و بەردەوام لـێم دەدەن و کەلەبچەم دەکەن لە ماڵەوە و نایەڵن لە ماڵ بڕۆمە دەرەوە". لە لایەکی تر کەیسی ژمارە (٣١) کە تەمەنی (٣٩) ساڵە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد " مـن کێشـەم هەیە لەگەڵ هاوسـەرەکەم، هاوسـەرەکەم مـامەڵەی خـراپە لەگەڵـم و لـێم دەدات و دەرم دەکـات". هەروەهـا کەیسـی ژمـارە (٦١) کە تەمەنی (٣٦) سـاڵە گـوتی "بەردەوام لەلایەن هاوسـەرەکەمەوە سـوکایەتیم پـێ دەکرێـت و لـێم دەدرێـت و هـیچ مەسـروفێکمان ناکـات و بەردەوام ئازاری خۆم و منداڵەکانم دەدات".

ئەگەر تێبینـی قسـەکانی قوربانییـان بکەیـن بۆمـان دەردەکەوێت کە بەشـی هەرە زۆری قوربانییان توندوتیژییان لەلایەن کەسە نزیکەکانەوە وەک باوک، برا و هاوسـەر بەرانبەر ئەنجامدەدرێت. نەمـانی دایک و بـاوک هۆکـارێکی تـرە کە هەست بە تەنیایی بکەن و گرنگییـان پێ نەدرێت لەلایەن کەسـە نزیکەکانەوە و تونـدوتیژییان بەرانبەر بکرێت. هەروەهـا بە پێـی یاسـای تونـدوتیژی ژمـارە "٨"

ساڵی ٢٠١١ هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان ڕێگە پێنەدراوە و سزای بۆ دانراوە.

2 - **دەستدرێژیی سێکسی:** سەبارەت بەم هۆکارە وەڵامدەرەوەکان بەم شێوەیە وەڵامەکانیان خستەڕوو، کەیسی ژمارە (٢١) کە تەمەنی (١٥) ساڵە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد "بەهۆی ئەوەی دایک و باوکم مردوون لای خوشک و زاواکەمان دەژیام، لە ئەنجامی گەشت کردنی خوشک و زاواکەمان برازای زاواکەمان دەستدرێژیی سێکسی کردە سەرم و کردمی بە ژن"، لە لایەکی تر کەیسی ژمارە (٤٦) کە تەمەنی (٢٠) ساڵە گوتی " خۆشەویستەکەم دەستدرێژیی سێکسی کردۆتە سەرم و کچێنیم لە دەستداوە و کەسوکارەکەم پێیان زانیوە و هەڕەشەم لێ دەکەن". هەروەها کەیسی ژمارە (٦٢) کە تەمەنی (٢٠) ساڵە بەم شێوەیە باسی گرفتەکەی کرد "من بێجێگابووم، پێشتر لەسەر شەقام بووم و هیچ شوێنێکم نەبوو، پێش ئەوەی بێمە شێڵتەر لە لایەن چەند کوڕێکەوە دەست درێژیم کرایە سەر و لە ئێستادا دووگیانم و بەهۆی ئەوەی کوڕەکان ناناسم بۆیە نازانم منداڵەکەم لە کێیە". بۆمان دەردەکەوێت کە دەستدرێژیی سێکسی هۆکارێکی ترە کە ڕەگەزی مێ پەنا بۆ شێڵتەر ببات, چونکە خێزان و کۆمەڵگە لە خۆیان ناگرن و هەڕەشەش لەسەر ژیانیان هەیە و کەسێک نییە لە خۆیان بگرێت و بە لەدەستدانی کچێنیش تاڕادەیەک چانسی هاوسەرگیرییان لە دەست دەدەن و لە لایەکی تر لە هەندێک حاڵەتدا تووشی کوشتن دەبنەوە لەلایەن هەندێک لە خێزانەکانەوە وەک پارێزگاریکردن لە نامووسی خێزانەکانیان. هەروەها لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا لەو جۆرە کەیسانە قوربانی تەنیا ژنەکەیە و هەر ئەویش دەبێت باجی هەڵەکەی بدات بە پێچەوانەی ڕەگەزی نێر لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتدا تا ڕادەیەک لۆمەش نەکرێت.

3 - **هاوسەرگیری:** هۆکارێکی تری ژنان بۆ پەنا بردن بۆ شێڵتەر بریتییە لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری هەروەک کەیسی ژمارە (٧١) کە تەمەنی (١٩) ساڵە ئاماژەی کرد " من ماوەی ٢ ساڵە کوڕێکم

خۆشـدەوێت، بەڵام دایکـم و بـاوکم ڕازی نـابن کە هاوسـەرگیری لەگەڵ ئەو کـوڕە بـکەم و چەنـد جارێـک هـاتۆتە داوام، بەڵام ڕازی نەبـوون کە شـوو بکەم دەمەوێت شـێڵتەر کارئاسـانیم بۆ بکەن کە شـوو بەو کـوڕە بکەم". ئەوەی لەو کەیسەدا تێبینی دەکرێت بریتییە لە دەست تێوەردانی ئەندامانی خێزان لە پرۆسەی هاوسـەرگیری و نەدانـی مـاف و ئـازادی بە ژن بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری ژیـان. ئەوەی تێبینش دەکرێت لە هەرێمی کوردسـتاندا تـا ئێسـتاش لە زۆر لە خێزانەکانـدا دایـک و بـاوک یـاخود کەسە نزیکەکان بڕیار لەسەر دەستنیشانکردن و پرۆسەی هاوسەرگیری دەدەن. بەهەمان شێوە کەیسی ژمارە (١٠٩) کە تەمەنی (١٤) ساڵە گوتی "مـن تەمەنـم (١٤) سـاڵە، مـاوەی سـاڵێکە حەزم لە کـوڕێکە و پەیوەنـدیی خۆشەویستیمان هەیە، بەڵام باوکم ڕازی نابێت کە هاوسـەرگیری لەگەڵ بکەم لەبەرئەوەی منداڵم، چەند جارێک هـاتۆتە داوام، بەڵام مـاڵی بـاوکم ڕازی نـــابن، کە هاوســـەرگیری بـــکەم و دەمەوێـــت بە زووتـــرین کـــات هاوســـەرگیری بـــکەم". ئەمەش حـــاڵەتێکی تـــرە کە تەمەنـــی نەگەیشـــتۆتە تەمەنـی یاسـایی هاوسـەرگیری, بـۆیە لێرەدا پـێم وایە دەبێت گلەیـی لە دامودەزگاکـانی حکـوومەت و ڕێکخـراوە حکـوومی و ناحکوومییەکـانی ژنـان بکرێت کە تـا ئێسـتا نەیـانتوانیوە پەیـامی خۆیـان بگەیـنن و یاسـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕوونبکەنەوە لەبەرئەوەی لە بـری ئەوەی ئەو کەیسە ببەن بۆ شێڵتەر دەبوایە ئامۆژگاری بکرێ و بگەڕێندرێتەوە لای دایک و باوکی.

٤- **پەیوەنـدیی خۆشەویسـتی:** پەیوەنـدیی خۆشەویسـتی یەکێکـی تـرە لە هۆکارەکانی ژنانە کە پەنا بۆ شێڵتەر ببەن بۆیە کەیسـی ژمـارە (٢٩) کە تەمەنـی (١٥) ساڵە بەم شێوەیە باسـی پەیوەندییەکەی کـرد "پەیوەندیی خۆشەویسـتی و سێکسیم لەگەڵ کوڕێک هەبوو، کوڕەکە گیراوە، دەمەوێت هاوسـەرگیری لەگەڵ بکەم، بەڵام کوڕەکە منی ناوێت". لە لایەکی تر کەیسـی ژمـارە (١٠٠) کە تەمەنـی (١٥) سـاڵە گـوتی "تەمەنـم ١٥ سـاڵە، پەیوەنـدیی خۆشەویسـتیم لەگەڵ کوڕێـک هەیە، هەردووکمان تەمەنمان خوار (١٨) ساڵییە، کاتێک بە تەلەفۆن قسـەم لەگەڵ

خۆشەویستەکەم دەکرد خوشکەکەم بەو پەیوەندییەی زانی، منیش لە ترسی باوکم لە ماڵ ڕامکرد بۆئەوەی باوکم لێم نەدات". لەم دوو کەیسەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندیی خۆشەویستی لە هەندێک خێزان لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستاش ڕێگە پێنەدراوە ئەمەش لەوانەیە بۆ تەمەنی قوربانی یاخود خودی خێزانە پارێزگارەکان بگەڕێتەوە یان بۆ هۆکاری تر کە لە هەندێک حاڵەتدا پەیوەندیی خۆشەویستی دەبێتە هۆی ئیستغلال کردن لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە و لەدەستدانی کچێنی ئەمەش ڕێگە پێنەدراوە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

٥- **ناپاکی هاوسەری:** هۆکارێکی تری کاریگەر, پەنابردنی ژنان بۆ شێڵتەر بریتییە لە ناپاکی هاوسەری کە کەیسی ژمارە (٧)، تەمەنی (٣٠) ساڵە گوتی "هاوسەرەکەم دوکانی هەیە و شاگردی هەبوو. شاگردەکەی هەڕەشەی لێکردم کە دەبێ لەگەڵی بخەوم منیش ڕازی بووم، پاشان مێردەکەم بەیەکەوەی بینین و تەقەی لێکردین و کوڕەکەی کوشت و منیش کەم ئەندام بووم و هاوسەرەکەشم گیرا. مێردەکەم سجنە و منیش ٦ ساڵە لە شێڵتەرم". بەهەمان شێوە کەیسی ژمارە (٣٧) کە تەمەنی (٢٩) ساڵە بەم شێوەیە باسی حەڵەتەکەی کرد "هاوسەرم هەبوو، بەڵام لە هەمانکاتدا پەیوەندیی خۆشەویستی و سێکسیم لەگەڵ کوڕێک هەبوو، دواتر هاوسەرەکەم زانی و کوڕەکەیان کوشت و منیش هاتم بۆ شێڵتەر". لەم کەیسانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تا ئێستاش لە هەرێمی کوردستاندا تا ڕادەیەک پراکتیزەکردنی یاسا ڕۆڵی خۆی نابینێ، بەڵکو خەڵکەکە خۆی سزای کردارەکانی بەرانبەرەکانیان دەدەن. ناپاکی هاوسەریش یەکێکە لەو گرفتانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا سزای قورسی بۆ دانراوە وەک تەڵاقدان و کوشتن.

**٦-هەڕەشەکردن:** هەڕەشەی کوشتن لە ڕەگەزی مێ بەتایبەت لە لایەن ئەندامانی خێزانەوە هۆکارێکی ترە کە وادەکات ژنان پەنا بۆ شێڵتەر بەرن بۆ نموونە کەیسی ژمارە (٤٧) کە تەمەنی (١٧) ساڵە بەم شێوەیە باسی گرفتەکەی خۆی کرد "خۆشەویستم هەیە و ڕەسمی ڕووتم بۆی ناردووە، دواتر کەسوکارم بە کێشەکەیان زانیوە و هەڕەشەی کوشتنم لێ دەکەن لەسەر ئەو کارە". لە لایەکی تر کەیسی ژمارە (٤٩) کە تەمەنی (١٩) ساڵە گوتی "من لە

کەمپ بووم، دانیشتووی شەنگاڵ بووم، حەزم لە کوڕێک بوو ماڵی باوکم زانیان دواتر هەڕەشەیان لێ کردم و چووم بۆ بنکەی پۆلیس لە کەمپەکە دواتر بردیانم بۆ شێلتەر، دەمەوێت قسە لەگەڵ ماڵی باوکم بکرێت کە باش بن لەگەڵم و هەڕەشەم لێ نەکەن". هەروەها کەیسی ژمارە (٩٤) کە تەمەنی (٤٥) ساڵە ئاماژەی بە حاڵەتەکەی خۆی کرد کە " ماوەی ٤ ساڵە پەیوەندیم هەیە لەگەڵ کەسێکدا، کە هاوسەر و منداڵی هەیە، لە کاتێکدا منیش هاوسەرم هەبوو و دوای ئەوەی هاوسەرەکەم بەو کارەی زانی لێم جیابۆوە. کەسوکارم لە ئێستادا هەڕەشەم لێدەکەن بەناوی پاراستنی شەرەفەوە بۆیە لە ترسی هەڕەشە هاتووم بۆ شێلتەر". لەم کەیسانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی هەست کردن بە نائارامی و نەبوونی شوێنێکی ئارام کە بیان پارێزێت لە هەر جۆرە هەڕەشەیەک ژنان پەنا بۆ شێلتەر دەبەن.

٧- **نەخۆشیی دەروونی:** یەکێک لەو گرفتانەی کە هەندێک لە تاکی کوردی پێوەی دەناڵێنێ نەخۆشیی دەروونییە بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا لەبەرئەوەی گرنگی تەواوی پێنادرێت و وەکو نەخۆشییەکی ئاسایی سەیری ناکرێت و کۆمەڵگەش بە چاوێکی دیکە سەیری ئەو حاڵەتانە دەکات و هەندێک جار ناوی جیاوازیان لێ دەنێن و لە بری هەوڵدانی چارەسەری و گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە زیاتر وایان لێ دەکەن لە کۆمەڵگە داببڕێن هەروەک کەیسی ژمارە (٢) کە تەمەنی (٣٢) ساڵە باسی حالەتی دەروونیی خۆی بەم شێوەیە کرد "بەهۆی خراپی باری دەروونیم ناتوانم بگونجێم لەگەڵ دەوروبەرمدا بۆیە هاتووم بۆ شێلتەر". لە لایەکی تر کەیسی ژمارە (٢٢) کە تەمەنی (٥٠) ساڵە گوتی "بەهۆی ئەوەی بە تەنیا دەژیام و تا ئێستا هاوسەرگیریم نەکردووە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووم و توانای گونجاندنم نییە لەگەڵ خێزانەکەم (برا و خوشکەکانم)". هەروەها کەیسی ژمارە (٢٦) کە تەمەنی (١٧) ساڵە باسی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی خۆی بەم شێوەیە کرد "پاش ئەوەی دایکم و باوکم مردوون چومە لای براکانم، بەهۆی خراپی

باری دەروونیمەوە ناتوانم بگونجێم لەگەڵ براکانم و براژنەکانم بەردەوام شەڕ دەکەم لەگەڵیان".

٨- **ڕەدووکەوتن:** یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی ژنان بۆ پەنا بردن بۆ شێڵتەر ڕەدووکەوتنە, چونکە دیاردەیەکی قبوڵ نەکراوە لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و هەندێک جار سزای قورسی بۆ ئەو کەسانە داناوە وەک کوشتن و حاشالێکردن و قبوڵ نەکردنەوەیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە. بۆ نموونە کەیسی ژمارە (١٠) کە تەمەنی (٢٠) ساڵە باسی گرفتەکەی خۆی بەم شێوەیە کرد "من لەگەڵ ئامۆزام هاوسەرگیریم کردبوو، بەڵام لەگەڵ کورێک پەیوەندیم هەبوو و لەگەڵیشی ڕامکرد، بۆیە کەسوکارم هەڕەشەم لێدەکەن". هەروەها کەیسی ژمارە (١٠٧) کە تەمەنی (١٧) ساڵە گوتی "پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێک دروست کرد دواتر لە ماڵەوە بەهۆی ئەوەی دایکم ڕێگری لێ کردم بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە بۆیە لە ماڵەوە ڕامکرد و چوومە لای خۆشەویستەکەم، و خۆشەویستەکەم دەستدرێژی کردە سەرم و بۆیە نەمتوانی بگەڕێمەوە لای دایکم لەبەر پاراستنی گیانم ڕووم لە شێڵتەر کرد".

٩- **جیابوونەوە:** جیابوونەوە هۆکارێکی ترە کاتێک ژنان دەیانەوێت لە هاوسەرەکانیان جیاببنەوە, بەڵام ناتوانن بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا تەڵاق بەدەستی پیاوە نەک ژن. لە لایەکی تر خێزان و کۆمەڵگا پشتگیرییان ناکەن بۆیە پەنا بۆ شێڵتەر دەبەن هەروەک

کەیسی ژمارە (١٥) کە تەمەنی (٢٢) ساڵە و خێزاندارە بەم شێوەیە باسی گرفتی خۆی کرد " کێشەیەکی خێزانیم هەیە پاش ئەوەی ١٠ ساڵە هاوسەرگیریم کردووە و ٢ منداڵم هەیە، بەردەوام هاوسەرەکەم خراپە لە گەڵم و لێم دەدات، چەند جار کێشەم هەبووە لەگەڵی, چوومەتەوە ماڵی باوکم، بەڵام باوکم ڕازی نابێ کە لە هاوسەرەکەم جیاببمەوە، لە ئێستادا هاتووم بۆ شێڵتەر بۆئەوەی لە هاوسەرەکەم جیاببمەوە". کەیسی ژمارە (٥٣)ش کە تەمەنی (٢٩) ساڵە ئاماژەی بە حالەتی خۆی کرد "هاوسەرەکەم بەردەوام مەشروبی دەخوارد و سوکایەتی پێ دەکردم و لە ماڵ دەری دەکردم و بە دزییەوە ژنی مارە کردووە و گوتی

تۆم ناوێ منیش دەمەوێت لە هاوسەرەکەم جیاببمەوە". هەروەها کەیسی ژمارە (٨٩) کە تەمەنی (٣١) ساڵە هۆکارێکی جیاوازتری هەبوو بۆ پەنابردن بۆ شێڵتەر "هاوسەرەکەم ١٥ساڵ لە خۆم گەورەترە و دوو ژنی هەیە. هاوسەرەکەم زۆر لەگەڵم خراپە بەردەوام قسەم پێ دەڵێت بۆیە دەمەوێت جیاببمەوە لێی".

١٠- **بێجێگایی**: یەکێکی تر لە گرفتەکان لە هەرێمی کوردستاندا بێجێگاییە, کە ئەگەر کەسێک یاخود ئەندامێکی خێزان گرفتێکی هەبوو ئەوا هیچ شوێنێکی نییە پەنای بۆ بەرێت بۆیە هەندێکیان دەکەونە سەر شەقامەکان و تووشی جۆرەها گرفت دەبنەوە وەک دەستدرێژیی سێکسی، هەروەک کەیسی ژمارە (٦٥) کە تەمەنی (١٨) ساڵە باسی حاڵەتی خۆی کرد "ماوەی ٢ ساڵە لە خێزانەکەم جیابوومەتەوە لەسەر شەقام دەژیم چەند جارێک کوڕان دەستدرێژییان کردۆتە سەرم، بەڵام هیچیان ئامادە نەبوون کە مارەم بکەن". هەروەها کەیسی ژمارە (٦٨) کە تەمەنی (٣٨) ساڵە گوتی "پاش ئەوەی بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووم، هاوسەرەکەم تەڵاقی دام و ٣ منداڵم هەیە، ٢ منداڵ لای هاوسەرەکەمە و منداڵێکیش لای خۆمە، پاشان شووم کردەوە و ١ مانگ لای ئەو پیاوە بووم ئەویش تەڵاقی دام، چوومەوە بۆلای براکانم لەبەرئەوەی باری ئابووری براکانیشم باش نییە ناتوانن مەسرەفی خۆمم و منداڵەکەم بکەم، هاتم بۆ شێڵتەر تا مووچەم بۆ بکەن چونکە بێ لانەم".

١١- **هۆکاری ئابووری**: دەتوانین بڵێین ڕێژەیەکی زۆر لە ژنانی جیهانی سێیەم بەگشتی و ژنانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ نین و لە حاڵەتی سەڵتیدا پشت بە دایک و باوکیان دەبەستن و لە حاڵەتی خێزانداریشدا پشت بە هاوسەرەکانیان دەبەستن بۆیە لە هەندێک حاڵەتدا تووشی گرفت دەبنەوە بەتایبەتی ئەگەر هاوسەرەکانیشیان بێکار بن هەروەک کەیسی ژمارە (٢٨) کە تەمەنی (٣٢) ساڵە و خێزاندارە بەم شێوەیە باسی لایەنی ئابووری خۆی کرد "ماوەی (١) ساڵە هاوسەرگیریم کردووە، بەڵام هاوسەرەکەم

بەردەوام کێشـەم لەگەڵ دروست دەکات و هیچ کارێک ناکات تا ماڵ و منداڵی بەخێو بکات ئەوەش کێشـەی بۆ دروست کردووین". هەروەها کەیسی ژمارە (١٠١) کە تەمەنی (٢٠) ساڵە گووتی " بەهۆی خراپی باری ئابووریمان چەندین جار کێشەم بۆ دروست بووە لەگەڵ دایکم، هەندێک داواکاریم هەیە کە دایک و باوکم ناتوانن بۆم جێبەجێ بکەن".

١٢- **سکپڕی نایاسایی:** لە هەرێمی کوردستاندا هەندێک حاڵەت هەیە کە خێزان و کۆمەڵگە بە هەموو شێوازێک ڕەفزی دەکاتەوە بۆ نموونە سکپڕی نایاسایی و منداڵی ناشەرعی و سزای قورسیشی بۆ داناوە وەک کوشتن و دەرکردن لە ماڵ هەروەک کەیسی ژمارە (٤) کە تەمەنی (٣٦) ساڵە " پاش ئەوەی هاوسەرەکەم مرد، خۆم و کچەکەم گەڕاینەوە ماڵی دایکم، پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ چەند کوڕێک دروست کرد و دووگیان بووم و ماڵی دایکم و براکانم زانییان ئەوانیش لە ماڵ دەریان کردم و هەڕەشەم لێ دەکەن و نازانم منداڵەکەم لە چ کوڕێکە و منداڵەکەم نارد بۆ خانە و خۆشم هاتم بۆ شێڵتەر". بەهەمان شێوە کەیسی ژمارە (٦) کە تەمەنی (٢٦) ساڵە بەم شێوەیە باسی گرفتی خۆی کرد "پاش ئەوەی باوکم مرد، دایکم شووی کردۆتەوە و تەنیا خوشکێکم هەیە ئەویش شووی کردەوە و لای خاڵم دەژیم. پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێک دروست کرد، بەڵام ئەو کوڕە درۆی لەگەڵ کردم و کرداری سێکسی لەگەڵ ئەنجامدام و کردمی بە ژن پاشان بردمی بۆ لای هاوڕێکانی ئەوانیش دەستدرێژییان کردە سەرم. لە ئێستادا دەمەوێت شوو بە خۆشەویستەکەم بکەم، بەڵام کوڕەکە منی ناوێت و ئێستا کوڕەکە لە گرتووخانەیە".

١٣- **بەزۆر بەشوودان:** یەکێکی تر لە هۆکارەکان، کە ژن لە هەرێمی کوردستاندا تووشی گرفت دەکات بریتییە لە بەزۆر بەشوودان هەرچەندە لە کوردستاندا بە پێی یاسا هەموو جۆرێک لە بەزۆر بەشوودان و هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵدا قەدەغەکراوە، بەڵام تا ئێستا لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان بەزۆر بەشوودان و هاوسەرگیری

خـوار تەمەنـی یاسـایی بـوونی هەیە (Minwalla, 2011)، هەروەک کەیسـی ژمـارە (٧٤) کە تەمەنـی (٢٩) سـاڵە ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـرد کە "براکانم دەیانەوێت بەزۆر هاوسەرگیری بکەم، بەڵام من ئەو کوڕانەم بە دڵ نەبووە ناچار ئەوانیش لێیان دام. خۆم کوڕێکم خۆشدەویست، بەڵام بەهۆی ئەوەی خێزانی کوڕەکە باش نەبووە نەیانهێشتووە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم. دایکم ڕازی نییە بە بیانووی ئەوەی ماڵی کورەکە باش نین". هەروەها کەیسی ژمارە (٩٥) کە تەمەنی (١٦) ساڵە بەم شیوەیە باسی لە حـاڵەتەکەی خـۆی کـرد "بـاوکم دەیەوێـت بەزۆر بمـدات بەشـوو، داوام لێدەکات کە ژنـی بـۆ بـکەم منیش بەو داوایەی بـاوکم ڕازی نـیم، بـۆیە دەرچـووم لە مـاڵ و مـاوەی ٣ ڕۆژ لە شـێڵتەری کەلار بـووم، دواتـر ڕەوانەی سلێمانی کرام".

١٤- **تەکنۆلۆجیا:** هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکرد کە سـزای ئەو کەسـانە بـدرێت کە تەکنۆلۆجیـا بەشـێوەیەکی خـراپ بەکـاردەهێنن، بـۆ نمـوونە یاسـای ژمـارە ٣٥، مـاددەی ٢ی سـاڵی ٢٠٠٨، ئامـاژە بـۆ ئەوەدەکـات کە ڕێـگە بە هـیچ کەسـێک نادرێـت تەکنۆلۆجیـا بەشێوەیەکی خراپ بەکاربهێنێت و تەنانەت وێنەی کەسێک بڵاوبکرێتەوە بە بێ ڕەزامەندی کەسەکە، بەڵام بە گوێرەی تێبینی ئێمە تا ئێستا ئەو یاسایە بەشێوەیەکی فراوان جێبەجێ نەکراوە, بۆیە تا ئێستاش هەندێک کەس لە کوردستاند بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا وەک مۆبایل و ئەنترنێت دووچاری گرفت دەبنەوە, هەروەک کەیسی ژمارە (٧٠) کە تەمەنی (٢١) ساڵە بەم شیوەیە باسی گرفتەکەی خۆی کرد "خوێندکاری زانکۆ بووم، پەیوەندیم لەگەڵ خاوەن دوکانێکی مۆبایل دروست کرد، بەهۆی پەیوەندییەکەمان چەندین جار ڕەسمم بۆ نارد، کە ئەمەش وای کرد کێشەم بۆ دروست بێت و دواتر کوڕەکە وازی لێهێنام و منیش سکاڵام لەسەری تۆمارکرد. دوو جار هاتووم بۆ شێڵتەر و ئێستا کەس و کارم ڕازی نین بۆ خوێندنەکەم بگەڕێمەوە. کوڕەکە گیراوە و دایک و باوکم بەومەرجە ڕازین وەرم بگرنەوە، کە نەچمەوە بۆ زانکۆ".

١٥- **ماف وەرگرتنەوە:** هەندێک لە ژنان بۆ ماف وەرگرتنەوە هانا بۆ شێڵتەر دەبەن وەک

کەیسی ژمارە (١٦) کە تەمەنی (١٩) ساڵە و گوتی "دوای ئەوەی لە هاوسەرەکەم جیابوومەوە، هیچ مافێکی خۆم وەرنەگرتووە لە مارەیی، کەس و کارم (براکانم) داوای مارەییەکەم لێ دەکەن و دەڵێن دەبێت وەری بگریت، بەڵام مێردەکەم نامداتێ، (پارێزەرم بۆگیراوە تاوەکو وەری بگرمەوە)". هەروەها کەیسی ژمارە (٥٨) کە تەمەنی (٢٥) ساڵە بەم شێوەیە باسی گرفتی خۆی کرد "کێشەی سۆزداریم هەیە، کە پەیوەندیم هەیە لەگەڵ پیاوێک بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ئەو پیاوە دووگیان بووم، منداڵەکەم لە بار خۆم برد و لە ئێستادا پیاوەکە منی ناوێت، منیش پەنام بردۆتە بەر پۆلیس و دادگا بۆئەوەی مافی خۆم وەربگرم".

١٦- **گەڕانەوە بۆ خێزان:** هۆکارێکی تری پەنا بردنە بەر شێڵتەر لە هەرێمی کوردستاندا بریتییە لە هەوڵی گەڕانەوە بۆ ناو خێزان لە ڕێگای شێڵتەرەوە هەروەک کەیسی ژمارە (٧٢) کە تەمەنی (١٧) ساڵە و بەم شێوەیە باسی حاڵەتەکی خۆی کرد " تەمەنم ١٧ ساڵە، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا شووم کردووە. شووم بە کوڕێک کرد بە ڕەزامەندی خۆم بوو ئەگەر چی ماڵی باوکم ڕازی نەبوون کە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم لەبەرئەوەی منداڵ بووم، بەڵام دوای ساڵێک هاوسەرەکەم لەگەڵم خراپ بوو, دەمەوێت جیاببمەوە لێی، بەڵام ماڵی باوکم وەرم ناگرنەوە و دەمەوێت شێڵتەر باوکم ڕازی بکەن کە وەرم بگرێتەوە".

**شەشەم: گفتوگۆی گریمانەی توێژینەوەکە**

گریمانەی یەکەم: بوونی توندوتیژی لە خێزاندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ژنان پەنا بۆ شێڵتەر بەرن.

گریمـــانەی دووەم: پەیوەنـــدییەکی پـــێچەوانە هەیە لە نێـــوان ئاســـتی خوێندەواری و پەنابردنی ژنان بۆ شێڵتەر.

داتاکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆرترین بەشداربوو بە ڕێژەی (٦٥,٩٪) توندوتیژیی جەستەیی و دەروونییان بەرانبەر کراوە و هۆکاری کاریگەر بوون بۆئەوەی ژنان ماڵ بەجێبهێڵن و پەنا بۆ شێڵتەر بەرن. هەروەها بە ڕێـژەی جیـاوازیش جۆرەکـانی تـری توندوتیژییان بەرانـبەر کـراوە وەک توندوتیژیی زارەکی، سێکسی و ئابووری، هەروەک لە خشتەی (١٢)دا ئاماژەمان پێیدا. بۆیە لێرەدا قبوڵی گریمانەی توێژینەوەکە دەکەین کە جەخت دەکاتەوە (بوونی توندوتیژی لە خێزانـدا هۆکـارێکی سـەرەکییە بۆ ئەوەی ژنـان پەنـا بۆ شێڵتەر بەرن).

سەبارەت بە گریمانەی دووەم دەردەکەوێت بە ڕێژەی (٨٧,١٪) ئەوانەن کە ئاستی خوێندەوارییان نزمە واتە کەمترە لە قۆناغی ئامادەیی بەڵکو ڕێژەیەکی بەرزیـان نەخوێنـدەوارن، لە بەرانبەریشـدا ئەوانەی کە ئاسـتی خوێنـدەوارییان بەرزە (ئامادەیی بە سـەرەوە) پەنـا دەبەنە بەر شـێڵتەر کەمترە لە (٤٪). ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان ئاستی خوێندەواری و پەنا بردن بۆ شێڵتەر، واتە هەرچەندە ئاستی خوێندەواری نزم بێت پەنا بردن بـۆ شـێڵتەر بەرزدەبێـتەوە، پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە ئەمەش گریمـانەی دووەم دەسەلمێنێت.

## حەوتەم: ئەنجامەکان:

لەم تەوەرەیەدا ئەو ئەنجامـانە دەخەیـنەڕوو کە لە چوارچێـوەی توێژینەوەکەمانـدا پێیگەیشـتووین کە دەتـوانین لەم خـاڵانەی خـوارەوە کورتیان بکەینەوە:

یەکەم: ئەنجامەکانی تایبەت بە تایبەتمەندی ژنانی داڵدەدراو:

١-بەرزترین ڕێژە (٨٤,٢٪)ی نموونەکە تەمەنیان لە نێوان (١٣-٣٢)ساڵیدایە.

٢- داڵدەدان پێچەوانەیە لەگەڵ ئاستی خوێندن واتە تا ئاستی خوێندن بەرزتربێت ڕێژەی داڵدەدراوان کەمترە. کەمتر لە ٤٪ نموونەکە ئەوانەن کە دبلۆم و بەکالۆریۆسیان هەیە، بەڵام نەخوێندەوارەکان لە٢٠٪ نموونەکە پێکدەهێنن. ئەوانەی قۆناغی سەرەتاییان تەواوکردووە نزیکەی ٢٤٪. سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری باوک، دایک و هاوسەر دەبینین دیسان پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاستی خوێندن و پەنا بردن بۆ شێڵتەر بەوەی زۆربەی ئەوانەی پەنایان بردووە بۆ شێڵتەر باوک یان باوک و دایک یان دایک یان هاوسەر یان هەر سێکیان نەخوێندەوارن یان ئاستی خوێندنیان نزمە. بۆ نموونە نیوەی زیاتری باوکی بەشداربووان بە ڕێژەی (٥٧,٩٪) نەخوێندەوارن. بە ڕێژەی (٧٤,٥٪) دایکیان نەخوێندەوارن. هەروەها بە ڕێژەی (٦٣،١١٪)ی هاوسەری بەشداربووان تەنیا دەتوانن بخوێنن و بنووسن یاخود هیچ جۆرە بڕوانامەیەکیان نییە.

٣-ژمارەی ئەندامانی خێزان پەیوەندییەکی بەهێزی نییە بە پەنابردن بۆ شەڵتەر. لە کاتێکدا کە ناوەندی ژمارەیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٥ کەسە، بەهەمان شێوە بەرزترین ڕێژەی داڵدەدراوان کە دەکاتە (٥٧,٩٪) ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان (٢-٥) ئەندامە.

٤-پەنا بردن بۆ شێڵتەر پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتییەوە نییە, چونکە ئەوانەی سەڵتن و ئەوانەش کە هاوسەردارن ڕێژەیان زۆر لە یەک نزیکە کە دەکاتە نزیکەی ٤٠٪.

٥- لە نیوەی زیاتری بەشداربووان بە ڕێژەی (٥٠,٩٪) ی نموونەکە پیشەیان ژنی ماڵەوەیە. واتە جیاوازی ئەوتۆ نییە لە نێوان ئەوانەی کە ئیش دەکەن یان بێکارن.

٦- ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە نزیکەی ٤٠٪ باوکیان نەماوە. ئەم ڕێــژە بەرزە ئامــاژەیەکە بەوەی کە بــوونی بــاوک بــۆ ســەقامگیری و هێشتنەوەی خێزان گرنگە. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەبێت کە کچەکە یان ژنەکە بە بوونی باوک زیاتر بتوانێت لە ماڵدا بحەوێتەوە و پەنا نەباتە بەر شێڵتەر.

٧- سێ بەشی نموونەی توێژینەوەکە لەوانەی شوویان کردووە بە ڕێژەی (٧٥,٧٥٪) شــوویان بە یەکێــک کــردووە کە خزمیــان نەبــووە، بە ڕێــژەی (٣٩,٣٩٪)هاوســەرگیریان ڕێکخرابــوو لە لایەن خۆیــان و خێزانەکانیــانەوە و بەهەمــان ڕێـژەش بەشـداربووان ئاماژەیـان بەوە کـرد کە شـووکردنەکەیان بە ڕەزامەندی خۆیان بووە. هەروەها بە ڕێژەی (٥١,٥١٪) ئاماژەیان بەوە کرد کە باوکیـان پرۆســەی هاوســەرگیری بـۆ ڕێکخسـتبوون و خۆیـان خـاوەن بڕیـار نەبوون. بەرزترین ڕێژە (٧٨٪)ی ئەندامانی نموونەکە دوای هاوسەرگیرییان لە دووری ماڵی دایک و باوکیان دەژیان.

دووەم: ئەنجامەکانی تەیبەت بە توندوتیژی و پەنابردن بۆ شێڵتەر

٨-بە ڕێژەی (٦٥,٩٪) ئاماژەیان بە توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی کرد کە بەرانبەریان کراوە و هۆکاری کاریگەرن بۆئەوەی ژنان ماڵ بەجێبهێڵن و پەنا بــۆ شــێڵتەر بەرن. زۆربەی بەشــداربووان بە ڕێــژەی (٤٨،٢٪)ی نمــوونەکە، ئاماژەیان بە کەسە نزیکەکانیان وەک باوک، دایک، برا، خوشک و مێرد کرد، کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کردوون.

١٠-زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥٨,٨٪)هانایان بۆ خێزان دەبرد بۆ داواکردنی یارمەتی  و کەمترین ڕێژەش (٦.٢٪)پەنایان بۆ ڕێکخراوەکانی ژنـان دەبـرد. ئەم ئەنجـامەش پێمـان دەڵێت کە تـا ئێسـتا ڕێکخراوەکـانی ژنـان نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان ببینن و ببنە جێی متمانەی ژنان.

١١-به ڕێــژەی (٤٨,٧٪)ی نمــوونەکە بەمەبەســتی  چارەســەرکردنی کێشـەکانیان هانایان بۆ شـێڵتەر بردووە. هەروەها هۆکارەکانی پەنا بردن بۆ شـێڵتەر بریتـی بـوون لە تونـدوتیژیی خێزانـی، هاوسـەرگیری و دەسـتدرێژیی سێکســی، پەیوەنــدیی خۆشەویســتی، ناپـاکیی هاوســەری و هەڕەشــەکردن، نەخۆشیی دەروونی، ڕەدووکەوتن و جیابوونەوە، بێجێگایی، هۆکاری ئابووری، ســکپڕی نایاســایی و بە زۆر بەشــوودان، تەکنۆلۆجیــا، مــاف وەرگــرتنەوە و گەڕانەوە بۆ خێزان کرد.

## حەوتەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

لەم تەوەرەدا پێشـنیاز و ڕاسـپاردەکان دەخەیـنە ڕوو تـاوەکو تـوێژەران و لایەنی پەیوەندیدار بتوانن سوودی لێ وەربگرن بۆ چارەسـەرکردنی گرفتی ئەو ژنانەی هانا بۆ شێڵتەر دەبەن.

## یەکەم:  پێشنیازەکان

١-لەبەرئەوەی ئەو ژنانە لە ناوخێزانەکانی خۆیان لە ماڵی خۆیان هەستیان بە نائارامی کردووە پێویست دەکات تا بکرێت شێڵتەر بکرێت بە شوێنێکی ئارام کە قوربانییان تێیدا هەست بە ئارامی دەروونی بکەن.

٢- پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو ژنانە دروست بکات کە بێ جێگان و کار بۆ ژنانی بێکار فەراهەم بکات تاوەکو بتوانن بەردەوام بن لە ژیان و هەست بە نائومێدی نەکەن.

٣- پێویسـتە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان هاوکاربن بۆئەوەی ژنان متمانە بەخۆیان بکەن و گرفتەکانیان بۆخۆیان چارەسەر بکەن لە بری ئەوەی هانا بۆ شێڵتەر بەرن.

٤-کارکردن بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ژنان بەتایبەتی دوای دەرچوونیان لە شێڵتەر تاوەکو خێزان و کۆمەڵگا وەک ژنێکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ بکات و بتوانن وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژین و گرفتیان بۆ دروست نەکەن.

٥-پێویستە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی شێڵتەرەکان بکات بە فێرگەیەکی فێرکاری بۆ ئەو ژنانەی پەنای بۆ دەبەن تاوەکو بتوانرێت سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت لە بری ماڵێک یاخود گرتووخانەیەکی نافەرمی.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی تر دەربارەی هۆکاری ڕەدووکەوتنی ژنان.

٢-توێژینەوە لە بارەی ناپاکیی هاوسەرگیری.

٣-ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی هۆکارەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان.

**سەرچاوەکان**


- فەرەج، نجاة محمد(٢٠١٤) بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنانی شێڵتەر: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەناو شێڵتەری داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو لەناو شاری سلێمانی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، گۆڤارێکی زانستییە، ژمارە (٤٥):١-٣١
- قادر، ئەسرین زرار(٢٠٠٦) ڕۆڵی سەنتەری ژنان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان-عێراق. زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

- هەرێمی کوردستانی- عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٤، ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو.
- Arrighi, B., A. (1997). *America's shame: women and children in shelter and the degradation of family roles*. USA: Greenwood Publishing Group, Inc.
- Barrett, B.J., & St. Pierre, M .(2011). Variations in women's help-seeking in response to intimate partner violence: Findings from a Canadian population-based study. *Violence Against Women*, 17(1):47-70.
- Diner, Cagla and Toktas, S¸ule .(2013). Women's Shelters in Turkey: A Qualitative Study on Shortcomings of Policy Making and Implementation, *Violence Against Women*, 19(3): 338– 355
- Ministry of Justice –KRG (2008) [Law No.35 (2008)], Kurdistan Waqaehi Magazine, No.91. p.3, 20 October 2008.
- Minwalla S (2011) Institutionalized violence against women and girls: Laws and practices in Iraq. Heartland Alliance for Human Needs and Human Rights.
- Neuman, W., L .(2014). Social Research Methods: Qualitative and Quantitative Approaches. 7th Ed. Harlow Education Limited.
- Sacks, H. (1967). The Search for help: No one to turn to. In: Shniendman E (ed.) *Essays in Self-Destruction*. New York: Science House, Inc:203- 223.
- Wang, K. (1996). Battered Asian American Women: Community Responses from the Battered Women's Movement and the Asian American. *Asian Law Journal*, 3: 151-184
- Weiner, M., H (1991) From Dollars to Sense: A Critique of Government Funding for the Battered Women's Shelter Movement. Law and Inequality, *A journal of theory and practice*, 9 (2): 185-277
- Xarabay, F., A. N .(2010). Lost facts: Social study for evaluating organizations in Kurdistan they supposed to defend women rights. Hawler: Barewabarayaty Gshty Ktebkana Gshteyakan press.

**ملخص:**

**خصائص المرأه المهددة في مأوى السليمانية: دراسة ميدانية**

الملجأ في كوردستان يخصص للنساء اللاتي يتعرضن للتهديد والعنف. بصورة عامة فان العنف ضد النساء هو سمة لكل المجتمعات ولكن تختلف النسب والاسلوب بين مجتمع واخر. فمصطلح العنف ضدالنساء يستخدم بمعان منها العنف الموجه ضد المرأة التى تؤدى احيانا الى فقدان حياتها .

هدف البحث هو معرفة الدوافع والاسباب التى تؤدى بالمرأة المعنفة الى اللجوء الى المأوى الخاص بالمعنفات كمكان آمن . والعينة المجتمعية المختارة للبحث عبارة عن المعنفات اللواتى لجأن لمأوى السليمانية. والمعلومات المستقاة للبحث عن طريق الاسئلة الموجه لعينة مكونة من (١١٤) شخصا لجأوا الى المأوى للفترة الزمنية من ٢٠١٧/٦/١٢ الى ٢٠١٨/٣/٨

واثبتت نتائج البحث ان الاسباب الاجتماعية مثل العلاقات العاطفية، والزواج بالهروب (الخطف)، فقدان العذرية، العنف العائلي، الخيانة الزوجية، الزواج بالغصب، تعدد الزوجات، الفرق العمرى بين الزوجين والتهديد، هي من العوامل الرئيسية للجوء الى المأوى بكوردستان لحين انهاء مشاكلهن وايجاد حل نهائي لهن .

**Characteristics of Threatened Women in Sulaimani Shelter: A Field Study**


**Abstract:**

Shelters have become safe place for those women who are either at risk of or have been subjected to violence. In general, domestic violence against women exists in all societies, but the degree of violence and frequency is different from one another.

This study aims at revealing the factors for maltreating women and causing them to seek help from Shelters. The study is based on a quantitative research methodology, using a questionnaire in Sulaimani Shelter. The research was conducted from 12th June 2017 to the 8th March 2018. The research sample consisted of 114 female respondents. Statistical analyses were performed using SPSS. The study mainly found that social factors such as romantic relationships, infidelity, eloping (*Radu kauten*), rape, homelessness, age difference, and under the threat of violence and killing are the main factors that force Kurdish women to escape from home and use the Shelters as a safe place until solving their problems.



**Key words**: Violence, family violence, women’s shelters